محەمەد حەلبووسی: ئامادەم بچمە بەردەم دادگا بۆ هەر سکاڵایەک کە لە دژی من تۆمار دەکرێت

سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئیسرائیل نییە و گرێبەستێکیان لەگەڵ دامەزراوەیەکی ئەمەریکی کردووە بۆ ئەوەی ئاستی سیاسی و رێکخراوەیی حزبی تەقەدوم پێش بخەن، دەشڵێت ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا و راست و دروستی بابەتەکان بسەلمێنێت.

ئەمڕۆ (پێنجشەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2023) محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئامادەیە لە بەردەم دادگای عێراقی ئامادەبێت و پابەندی هەر جۆرە بڕیارێکن کە دادگا دەریدەکات و یاسا جێبەجێ دەکەن. گوتیشی، جگە لە ڕزگرتن لە دادگا، هیچ بژاردەیەکیان لە بەردەمدا نییە.

سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەیدا باسی لەوەش کرد، ژمارەیەک لەو کەسانەی سکاڵایان لە دژ تۆمار کردووە و ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پارت و رێکخستنە سیاسییەکانی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵای

هەڵبژاردنەکان کراوە، کەسانێکن پێشتر خۆیان دەسیەیان هەبووە و لە چەندین کەیسی گەندەڵی و بابەتی دیکەی جەراوجۆر تۆوەگلاون.

حەڵبووسی هەروەها بەڵێنی زانی راگەیاندنەکان بەو وردی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان بکەن، بۆ ئەوەی رای گشتی سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندیدارن بە ئەوەوە، ئاگادار بن و شتی شاراوەیان لەلا نەبێتە جێی پرسیار.

محەممەد حەڵبووسی هاوکات باسی لەوەش کرد، ئەو سکاڵایانەی لە دژی خۆی و حزبەکەی پێشکەش کراون، هەرگیز کاریگەریان لەسەر نابێت و نابنە هۆی ئەوەی کە عێراق بەجێبهێڵن. سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشا، کە هیچ شتێکی شاراوەیان نییە، بگیە ئامادەنین عێراق بەجێبهێڵن.

سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق تیشکی خستە سەر ئەوەش، ئەوان لە ڕابردوودا واتە لە ساڵی 2021 و پێشتریش یاسای بەتاوانناساندنی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە، تەنانەت جگە لە دوو پەرلەمانتاری سەر بە حزبەکەی، تەواوی پەرلەمانتارانی دیکەی سەر بە حزبی تەقەدوم دەنگیان بەو پێژەیاسا دا، کە لەگەڵ ڕەوتی سەد پشکەشیان کردبوو.

جەختیشیکردەوە ئەو ڕککەوتن و گرێبەستەی حزبی تەقەدوم لەگەڵ کۆمپانیای ... ئەمەریکی ئەنجامی داوە، سەد دەر سەد کۆمپانیایەکی ئەمەریکییە و هیچ پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە نییە و لەوە دڵنیا بوونە بگیەش گرێبەستیان لەگەڵ کردووە. ڕوونیشیکردەوە بەڵگەکانیان لەبەردەستدایە و هیچ گرێبەستێکی شاراوەیان نییە.

حەڵبووسی دووبارەی کردەوە گرێبەستەکەیان لەگەڵ کۆمپانیا یان دامەزراوە ئەمەریکییەکە تایبەتە بە چێنیەتی ئەنجامدانی چالاکی و ڕکخستنە سیاسییەکانی حزبی تەقەدوم لە ئەمەریکا و چێنیەتی کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان لەو وڵاتە، بۆ ئەوەی ئاستی سیاسی و ڕکخستنی حزبەکەیان وەك هەر حزبێکی دیکە پێش بخەن.